# نەریمان خدر و یانەی زاخۆ دەستیان لەیەكتری بەردا



هەرچەندە ئەم وەرزە نەریمان خدری گۆڵپارێز ریزی یانەی هەولێری جێهێشت بەهۆی یاری پێنەكردنی لە ریزی یانەكە و بۆ یاریكردنیشی لە خولی عێراقی بە گرێبەستێكی ١٣٠ملیۆن دیناری پەیوەندی بە ریزی یانەی زاخۆوە كرد، بەڵام بەهۆی كێشەكانی لەگەڵ یانەی زاخۆ و بەشداری كردنی لە چەند یارییەك لە خولەكە نەریمان و یانەی زاخۆ رێك نەكەوتن بەهۆكاری جیاواز لە ئێستاشدا نەریمان بە تەواوی مافی گواستنەوەی لە یانەی زاخۆ وەرگرتووە و چەندین یانەش پەیوەندییان پێوە كردووە بۆ ئەوەی یاری لە ریزی یانەكانیان بكات؟ لە بارەی هۆكاری جێهێشتنی ریزی یانەی زاخۆ نەریمان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من پەیوەندیم بە یانەی زاخۆ كردو لەگەڵیان رێككەوتووم بۆ ماوەی یەك وەرز لەگەڵ یانەكە بم و بڕی ١٣٠ملیۆن دینار گرێبەستەكەم بێت، بەڵام بەداخەوە ئەو یانەیە هیچ مافێكی منی نەدا كە دەبوایە بڕی ٦٥ملیۆنم پێ بدەن لە بەرامبەر یەك قۆناغ یاری كردن، بەڵام ئەوان تەنیا بڕی پێنج ملیۆن دیناریان پێ داوم، ئەوەش مافی خۆم نییە زۆر زیاتریان لێم خواردووە».

لە بارەی تۆماركردنی سكاڵاش لەسەر یانەی زاخۆ نەریمان گوتی: «نەخێر بەنیازی ئەوە نیم سكاڵا تۆمار بكەم، چونكە هیچم لەگەڵ یانەی زاخۆ نەماوە، ئەوان بە فەرمی دەستبەرداری من بوون و لەو پارەیەش خۆش بووم كە لای ئەوان ماوە كە بڕی ٦٠ملیۆن دینارە، چونكە دەزانم پێم نادەن، بۆیە نامەوێ خۆم ماندوو بكەم.

لەبارەی هاتنی گرێبەستی دیكەش بۆ ئەوەی یارییان بۆ بكات، ناوبراو گوتی: «چەند یانەیەك پەیوەندییان كردووە بۆ ئەوەی یارییان بۆ بكەم، بەڵام تەنیا بە مووچە نەك گرێبەست، منیش تاكو ئێستا من چاوەڕێم و هیچ بڕیارێك لەسەر چارەنووسی خۆم نادەم، تازە لەگەڵ یانەی زاخۆ بە تەواوی كۆتاییم هاتووە، بەڵام یانەی زاخۆش بێ بەڵێن دەرچوون لەگەڵ من، چونكە مافەكەیان پێ نەدام .

# باسکەی دهۆک بەشداری یارییەکانی داهاتووی خولی عێراق ناکات

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی دهۆك لە پێشـــەنگی یانەکانی خولی باسکەی عێراقی هات بە هۆی بە دەستهێنانی ئەنجامی شایستە بە پشتبەستن بە چەندین یاریزانی پیشەگەری بیانی و ناوەخۆی عێراقی، بەڵام قەیرانی داراییەی تووشـــی یانەکە بوو، جگە لەوەش یانەکە خاوەن دەســـتەیەکی راهێنەری بەهێز بوو لەســـەر ئاســـتی عێراق، بەڵام دوای ئەو قەیرانە داراییە یانەی دهۆك زیاتر دووچاری رووخان بوو، هەروەها دەســـتەی کارگێڕیی تیپەکە چالاکییەکانیان راگرت، بۆیە بەرپرســـانی شارەکە تەنیا بەڵێنی هاوکاریکردنی تیپی تۆپی پێی یانەکەیان داوە و هـــاوکاری هیـــچ تیپێك دیکەی یانەکـــە ناکەن، بۆیە کاربەدەستانی یانەی دهۆك لە خولی باسکەی نایابی عێراقی پاشەکشەکردنیان پێباشـــتر بوو. لەم بارەشەوە محەمەد عەلی لە یانـــەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە ئەمســـاڵ دووچارمان هاتبوو، بۆیە هەفتـــەی رابـــردوو چالاکییەکانمان راگرت، بەڵام پارێـــزگاری دهۆك بەڵێنـــی هاوکاری بە ئێمەی داوە بـــۆ بەردەوامبوون لە خولەکانی کوردســـتان و عێراق، کەچی بۆ خولی باســـکە دوای کۆبوونەوەمان لەگـــەڵ ئەنجومەنی پارێزگای دهـــۆك گەیشـــتینە ئەوەی کـــە ناتوانین بەشـــداری خولی باســـکەی نایابی عێراق بکەین، چونکە ئەوان بە ئێمەیان گوتووە کە تەنیا هـــاوکاری تیپەکانی تۆپی پێی دەکـــەن، بۆیە ناتوانین بەشـــداری خولی باســـکەی عێراق بکەین»، گوتیشی: «بە فەرمی نووســـراوێکمان کردووە بۆ یەکێتیـــی ناوەندی تۆپی باسکەی عێراق بۆ ئاگادارکردنی ئەوان کە بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی تووشـــی ئێمە هاتووە ناتوانین بەشداری یارییەکانی خولی عێراقی بکەین.

# نەورۆز بۆ قۆناغی دووەم خۆی بەهێز دەکات

بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر لە یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی نایابی یانەکانی کوردســـتان و کێبڕکێ لەسەر پلەکانی پێشەوەی خولەکە و بەردەوامبوون بۆ بەدەســـتهێنانی ئەنجامی باشتر لە یارییەکانی داهاتوو، دەســـتەی کارگێڕیی یانەی نەورۆز هەریەك لە یاریزانان (کەیـــوان محەمەد و مادۆمالیکی پیشـــەگەری ســـەنگیالی) هێناوەتە ریزی یانەکەی و لەســـەرەتای دەســـتپێکی یارییەکانی قۆناغی دووەم ئەم یاریزانانە بە درێسی یانەی نەورۆز دەردەکەون. لەبارەی جێهێشـــتنی ریزی یانەی شـــێروانە و پەیوەندیکردنیان بە یانـــەی نەورۆز، کەیـــوان محەمەد بۆ گۆڤـــاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئـــەم وەرزە چووبووینـــە ریزی یانەی شـــێروانە بەهیوای ئەوە بوویـــن بتوانین ئەنجامی باش بۆ یانەکە بەدەســـت بهێنین، بەڵام نەگونجاین لەگەڵ یانەی شـــێروانە، بۆیە ریزی یانەکەمان جێهێشـــت، ئەم یانەش بۆ یاریزانانی دەرەوە هەندێك سەختە، جگە لەمنیش یاریزانی پیشەگەری سەنیگالی مادۆش ریزی یانەکەی جێهێشتووە و هەردووکمان بەیەکەوە بۆ ماوەی نیو وەرز بۆ قۆناغی دووەم پەیوەندیمـــان بە یانەی نـــەورۆزەوە کردووە، بەهیوای ئەوەین بتوانین ئاســـتی یانەی نەورۆز زیاتر بەرەو پێش ببەین و خزمەتی یانەکە بکەین. ئەوەشـــی خســـتەڕوو کە بڕی گرێبەستی مادۆ مالیك ١١ملیۆن و خۆیشـــی ٤ملیۆن دینـــارە لەگەڵ مووچەی مانگانە، گوتیشی: «دەســـتەی کارگێڕیی یانەی شێروانە زۆر تونـــدن لەگەڵ یاریزانانی دەرەوەی شـــاری کەلار، بۆیە نەك ئێمە زۆربەی یاریزانەکانی دیکەش لەگەڵ یانەکە ئاســـوودە نین، جگە لەمەش یانەکە نە شوێنی نانخواردنی هەبوو، نە شوێنی نووستن، ئەوەش چۆن دەبێت بۆ یاریزانێك کە لە دەرەوە هاتبێت بۆ یانەیەکی ئەو شارە یاری بکات؟»





## خەڵاتەکانی فیفا بۆ ساڵی ٢٠١٤

# کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ باشترین یاریزان و یواکیم لۆف باشترین ڕاهێنەر

لە هۆڵی کۆنگریس هاوســی شــاری زیۆریخ لە وڵاتی سویســرا ئاهەنگی ســاڵانەی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی (فیفا) بۆ دستنیشــانکردنی باشترینەکانی ساڵی ٢٠١٤ بەڕێوەچوو. بەئامادەبوونی ١١٠٠ کەسایەتی وەرزشی و پەخشی راستەوخۆ بۆ ١٩٠ وڵات ئاهەنگەکە دستی پێکرد کە راگەیاندکاری بەریتانی کایت ئیبدۆ پێشکەشی کرد، لە سەرەتا جۆزیف سیپ پلاتەر وتەیەکی پێشــکەش کرد و تیایدا دووپاتیکرەوە کەتۆپی پێ گەلانی جیهان کۆدەکاتەوە و هاوســۆزی فیفای لەگەڵ رۆژنامەنووسان دەربڕی بەهۆی کارە تیرۆرستیەکەی رۆژنامەی چارلی ئیبدۆ، هەروەها سوپاسی ئەستێرەکانی تۆپی پێی جیهانی کرد بۆ بەشداریکردنیان لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ئیبۆلا .

* پێکهاتەی نمونەیی ٢٠١٤

٢٤٠٠ یاریزانی پیشەگەر بەشدارییان لە دست نیشانکردنی باشــترین پێکهاتەی نموونەیی ٢٠١٤ کرد و پێکهاتەکەش بەم شێوەیە بوو :

گۆڵپارێز : مانوێل نۆیەر (ئەڵمانیا)

بەرگری : فیلیپ لام (ئەڵمانیا) تیاگۆ ســیلڤا (بەرازیل) دیڤید لویز (بەرازیل) سێرجیۆ رامۆس (ئیسپانیا)

ناوەراســت : تۆنی کــرۆس (ئەڵمانیا) ئەندرێس ئەنێســتا (ئیسپانیا) ئەنخیل دی ماریا (ئەرژەنتین)

هێرشــبەر : لیۆنیل میسی (ئەرژەنتین) کریستیانۆ رۆناڵدۆ (پورتوگال) ئاریان رۆبن (هۆڵەندا)

* خەڵاتی سەرۆکی فیفا :

ئەم خەڵاتە درا بە رۆژنامەنووسی ژاپۆنی هیرۆشی کاگاوا تەمەن ٩٠ ســاڵ کەزیاتر لە ٥٠ ســاڵە رومالی یارییەکانی مۆندیالــی کردووە و لە مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤ بەتەمەنترین رۆژنامەنووس بوو .

* خەڵاتی یاری پاک :

ئەم خەڵاتە درا بە خۆبەخشــەکانی یاریــگاکان بەتایبەتی ئەوانەی لەمۆندیالی ٢٠١٤ وەك خۆبەخش کاریان کردووە .

* خەڵاتی بۆشکاش بۆ جوانترین گۆڵ :

لە رێگای ماڵپەری فیفاوە ٣,٣ ملیۆن کەس بەشدارییان لە دستنیشانکردنی جوانترین گۆڵ بۆ ساڵی ٢٠١٤ :

١- خامیس رۆدریگز لە کۆلۆمبیا ٤٢٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا.

٢- کچە یاریزان ســتیڤانی رۆش ٣٣٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا.

٣- رۆبن ڤان پێرســی لە هۆڵەندا ١١٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا.

* خەڵاتی باشترین راهێنەر بۆ تیپیەکانی ئافرەتان :

بۆ ئەم خەڵاتە ١٤٧ راهێنەری هەڵبژاردەی نیشتمانی و ١٤٥ کاپتنی هەڵبژاردەی نیشتمانی و ٩٠ رۆژنامەنووسی وەرزشی بەشدارییان تێدا کردو ئەنجامەکەش بەم شێوەیە بوو :

١- رالف کیلەرمان راهێنەری یانەی ڤۆلفسبۆرگی ئەڵمانی ١٧,٠٦٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا.

٢- مارین مینیرت راهێنەری هەڵبژاردەی ئافرەتانی لاوانی ئەڵمانیا ١٣,١٦٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا.

٣- نۆریۆ ساساکی راهێنەری هەڵبژاردەی ئافرەتانی ژاپۆن ١٣,٠٦٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا.

* خەڵاتی باشترین کچە یاریزانی جیهان :

بۆ ئەم خەڵاتە ١٤٨ راهێنەری هەڵبژاردەی نیشتمانی و ١٤٦ کاپتنی هەڵبژاردەی نیشتمانی و ٩٠ رۆژنامەنووسی وەرزشی بەشدارییان تێدا کرد وئەنجامەکەش بەم شێوەیە بوو :

١- نادین کیسلەر کچەیاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ١٧,٥٢٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا

٢- مارتــا کچەیاریزانــی هەڵبــژاردەی بەرازیل ١٤,١٦٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا

٣- ئابی وامباخ کچەیاریزانی هەڵبژاردەی ئەمریکا ١٣,٣٣٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا

* خەڵاتی باشترین راهێنەری جیهان :

بۆ ئەم خەڵاتە ١٨١ راهێنەری هەڵبژاردەی نیشتمانی و ١٨٢ کاپتنی هەڵبژاردەی نیشتمانی و ١٨١ رۆژنامەنووسی وەرزشی بەشدارییان تێدا کرد و ئەنجامەکەش بەم شێوەیە بوو :

١- یواکیم لۆف راهێنەری هەڵبــژاردەی ئەڵمانیا ٣٦,٢٣٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا

٢- کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەری یانەی ریال مەدرید ٢٢,٠٦٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا

٣- دییگۆ ســیمیۆنی راهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ١٩,٠٢٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا

* خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان (بالۆن دۆر) :

بۆ ســاڵ پێنجەمە ئەم خەڵاتە بەهاوبەشــی لە نێوان فیفا و گۆڤاری فرانس فوتبۆڵەوە پێشکەش دەکرێت،

بۆ ئەم خەڵاتە ١٨١ راهێنەری هەڵبژاردەی نیشتمانی و ١٨٢ کاپتنی هەڵبژاردەی نیشتمانی و ١٨١ رۆژنامەنووسی وەرزشی بەشدارییان تێدا کرد و ئەنجامەکەش بەم شێوەیە بوو :

١- کریســتیانۆ رۆنالدۆ لە هەڵبژاردەی پورتوگال ٣٧,٦٦٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا

٢- لیۆنیــل میســی لەهەڵبــژاردەی ئەرژەنتین ١٥,٧٦٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا

٣- مانوێل نۆیەر لەهەڵبژاردەی ئەڵمانیا ١٥,٧٢٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا

جێگای ئاماژە پێکردنە لەســاڵی ٢٠٠٨ وە هەردوو یاریزان میســی و کریستیانۆ ئەم خەڵاتەیان کۆنترۆڵ کردووە، میسی لەســاڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ و ٢٠١١ و ٢٠١٢ بەدەستی هێناوە و کریستیانۆ لە ســاڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠١٣ و ٢٠١٤ بەدەستی هێناوە .